# ئەودیو دیموکراسی هەر دیکتاتۆرییە

**هەژێن**

وا دیارە ئەوەی ڕژێمی دیکتاتۆری مشەخۆری بەعس بە سی‌وپێنج ساڵ نەیتوانی بیکات، ئالاهەڵگرانی دیموکراسی بەتەمان لە سی‌وپێنج ڕۆژدا ئەنجامی بدەن.

سەرەلەقەی ڕەزامەندی سەرانی مشەخۆری کورد بۆ هاتنەناوەوەی لەشکری تورکیا و پێداگرتنیان لەسەر یەکپارچەیی خاکی عیراق‌و سەردانەواندنیان بۆ بڕیارەکانی لیژنەی فەرمانڕەوایی عیراق بیحیکمەت نییە، بۆ کەسانێك کە تا ئەوڕۆکە سەرەڕای ئۆپۆزسیۆنیان لە دەرەوەی پارلەمانە ئێکسپایەرەکەی کوردستان هەر چاوەڕوانیان لەم سەرکردە مشەخۆرانە بووە چ وەك پارت‌و چ وەك کەسایەتی، ئەم سیاسەتبازی‌و سەوداوامامەڵەگەرییە بۆیان پاساوی هەبووبێ، کە پێیانوابوو کە دەبێ بندەستەکان گوێڕایەڵی شوانییەتی مشەخۆران بن، چونکە سەر بەیەك نەتەوەن‌و ئەوان براگەورەی نەتەویمانن، ئەوا بۆ ئەوانەی کە هەردەم بۆ کۆتاییهێنان بە ستەم‌و هەڵاواردنی نەتەوایەتی قوربانیانداوە، دوازدە ساڵە دەستی مشەخۆرانیان بۆ دەرکەوتووەو برایەتی مشەخۆرانی عەرەب‌و تورك‌و فارس‌و کوردیان بۆ دەرکەوتووە.

هەرچەندە بۆ کەسانی وشیارو ئەزموون وەرگرتوو لە ڕابوردوو، هیچ گومانێکیان لە فریوکاری ئەم بۆچوونە نەبووەو ئەوڕۆ خۆشبەختانە ئەو سەرکردە سەروەرە مشەخۆرانە بەخۆیان نا برایی مشەخۆرانیان لەگەڵ بندەستانی بەشمەینەتا سەلماند. ئەوەتا بە ڕۆژی نیوەڕۆ بەبەرچاوی دونیاوە، بێپێچ‌وپەنا دەنگیان بۆ یاسایەك داوە کە حاشا لە بوونی نەتەوە نا عەرەبەکانی تری ناو عیراق دەکاو کورد نەك بە پلە دوو وەك جاران، بەڵکو بە بێگانە دەداتە قەلەم.

یاسایەك کە پێش هەموو شتێك مرۆڤەکان هەڵاوێردەکا و هەر لەم چوارچێوەیەشدا نەتەوەو کەمینەکانیتر لە عیراقدا بەو بێگانانە لەقەڵەم دەدا، کە مرۆڤایەتیان لە خوار عەرەب بوونەوە دادەنێ‌و ئەو کوردو تورکمان‌و تد، هەر بەپێی ئەویاسایە کە زیاتر لە حەوت ساڵە لە عیراقدان، ئەگینا لێیان دەسێندرایەوە. ئەمە ئەو دیارییە بوو کە سەرکردە مشەخۆرەکانی کورد بە هاتنی لەشکرێك کە هێشتا خوێنی بەشمەینەتانی ڤێتنام‌و کۆریا و تد لە چنگ دەتکێ، مژدەیان پێدەداین. ئەمە ئەو ئازادییەیەو لەمەش زیاتر چاوەڕوانکردن لە شاسوارانی سەرمایەداری جیهانی تەنیا نیشانەی گێلییەتییە.

ئەم یاسایە ئەگەر بۆ کوردو کەمینەکانیتریش هەر سێ ساڵ بوایە، ئەوا هیچی لە ناوەڕۆکە دژی مرۆییەکەی کە هەڵاواردنی مرۆڤەکانە لەسەر شوناسنامەی نەتەوەییان نەدەگۆڕی. ڕاستتیەکەی ناکرێ لە لیژنەیەك کە ئەمریکا دیاری کردبێ‌و لەسایەی شەریعەتی خێلەکیانەی هەزاروچوارسەد ساڵەی ئیسلامدا دەستورەکەی داڕێژێ گلەی بکرێ یان چاوەڕوانی زیاتر بکرێ، پێچەوانەی ئەمەش دیسانەوە گێلیەتییەکە کە حەمید موسا و پارتەکەی تێکەوتووە.

ئەمە سەرەتای کارەو گەر بێتو کەسانی ئازادیخوازو سەربەخۆ کاردانەوە لە خۆ نیشان نەدەن‌و لەناو جەماوەرەوە هەڵوێست‌و بەرەنگاری ئازادیخوازانە هەڵنەخرێنن، ئەوا دەبێت سی‌و پێنج ساڵیتر چاوەڕێی کۆتایی هاتنی دیموکراسی‌و شەریعەتی ئیسلام بین‌و بە دەردی جەماوەری بندەست‌و بەشمەینەتی ئێران بچین. ئەگەر بێتو چاوەڕێی سەرکردەو ڕابەری چاك بین، ئەوا دەبێ ملی گەمژەیی بۆ چاوچنۆکی ئەمریکا و نۆکەرەکانی کەچکەین.

ئەم خاڵە لە دەستوری دیموکراسییانەی شۆڤێنیستەکانی عەرەبدا، وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا هەم هەڵاواردنی مرۆڤە ناعەرەبەکانی دەرەوەی عیراقەو هەم هەڵاواردنی نەتەوە ناعەرەبەکانی ناو عیراقە، بۆیە ئەرکی ئەو کەسانەیە کە هاوبەرژەوەندی مشەخۆرو شۆڤێنستو کۆنەپەرستان نین، لە بەرەیەکی جەماوەریدا خۆ ڕێکخەنو دەنگ بە ڕوی هەر هەنگاو بڕیارێکی لەو چەشنەدا هەڵبڕنو بزووتنەوەی کۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوایەتی بەرەوپێشەوە بەرن، تا ئاستی جیابوونەوەو ڕزگارکردنی کوردستان لە چنگ بەعسییە دیموکراتەکان.

ڕەتکردنەوەو ڕیسواکردنی وەها یاسایەك، تەنیا لە گرەوی سەندنەوەی دەنگە لەوانەی کە بەناوی گەلی کوردەوە سەری ڕەزامەندی بۆ دەلەقێنن، ئەمەش بە هاتنەمەیدانی جەماوەری چینو توێژە بندەستو بەشمەینەتەکانو ناچارکردنی حکومەتۆکەکانی کوردستانو دەسەڵاتدارێتی ئەمریکی لە عیراقو ( UN )ە بە ملدان بە خواستەکانی گەلی کورد لە ڕێگەی ڕاپرسییەکی گشتییەوە بە سەرپەرستی وڵاتانی بێلایەنو خودی ( UN )ەوە، دوور لە هەر دەستێوەردانو خۆتێوەهەڵقورتانی وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامی وڵاتانێك کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە.

٢٠٠٣/٠٨/٣٠